بەرگریی شارستانیی زاخۆ هەشداری دەدات: لە رووباری خابوور دوورکەونەوە

بەرگریی شارستانیی زاخۆ هەشداری دەدات کە لە ئێگەری بارانی بەلەزەدا ئاستی ئاوی رووباری خابوور بەرز دەبێتەوە، داواش لە ئەو ماڵانە دەکات کە نزیکی رووبارەکەن، ماڵەکانیان چۆڵ بکەن لەپێناو سەلامەتییاندا.

لە راگەیەندراوەکەی بەرگریی شارستانیی زاخەدا هاتووە، بەپێی ئەو زانیارییانەی پێیان گەیشتووە، بەهۆی بارانی بەلەزە لە سنوورەکەیان ئێگەری بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی رووباری خابوور هەیە و دەشێت، لەپێناو پاراستنی سەر و ماڵی هاونیشتمانیان، داوایان لەو ماڵانە دەکەن کە دەکەونە نزیک رووبارەکە، ماڵەکانیان چۆڵ بکەن.

ئاماژە بەوەش کراوە، لە ئێگەری دروستبوونی کەش و ئاستەنگ، پەیوەندی بە ژمارە "115"ی بەرگریی شارستانیی زاخۆ بکەن.

ڕۆژی هەینی 05-01-2024، کەشناسیی هەرەمی کوردستان رایگەیاند، لە دهۆک و سنووری پارێزگاکە "ئێگەری

لەزەبارەن و نەبارەن هەیە" و لە ناوچەکانی دیکە نەبارەن و بارانی مامناوەند دەبارێت.